## کی لەدنیای نوسیندا تازەیە؟!. . وەڵامێک بۆ کاروان ئەکرەم ... نەجوا هەولێری

لەسایتی کوردستان پۆستدا کەسێك بەناوی (کاروان ئەکرەم) کەمن یەکەمجارە ئەم ناوە دەبیسم بەدواداچونێکی لەسەر بابەتێکی من نووسیوە، پریەتی لە هەڵە و تێکەڵ و پێکەڵی و سوکایەتی کردن بە من، گوایە ئەو (برا دینیە) ناوی منی لەدنیای نووسیندا نەبینیوە کە ئەمە خۆی لەخۆیدا دەربڕینی کینە و رقی کوێرانەیەتی بەرامبەر ئافرەتە رۆژنامەنووسەکان، بەتایبەتیش ئەوانەی ماوەیەك لەریزەکانی خوشکانی یەکگرتوی ئیسلامیدا وەك دەسخەڕۆبونێك کاری کردبێت و ئێستا بەخۆی کەوتبێتەوە و هەستی بەو پیلانە چەپەڵە کردبێت کە یەکگرتوی ئیسلامی دژی نەتەوەی کورد جێبەجێی دەکات، . کاك کاروان و برادینیەکان چاویان بەرایی نەهاتوە ئەو هەموو بابەتانەی من لە رۆژنامەکەی خۆیان (یەکگرتوو) بخوێنێتەوە، کە ئەوکات لەناو خوشکانی یەکگرتوی ئیسلامیدا وەك مانگای برسی دەیانناردینە بەردەرگای هەرچی ماڵ هەیە بەو هیوایەی دووئافرەتی نەخوێندەوار و قەیرە تەنزیم بکەین و لەبەرامبەردا وەعدی ئەوەمان پێدەدان بەمێردیان بدەین، راستە لەوانەیە من بابەتەکانم لەسایتەکانی ئەنتەرنێتدا کەم بوبن، بەڵام دەتوانی لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستاندا ئەرشیفی نوسینەکانم وەربگریت، ئەوکات دەزانی من (دایکی ئەحمەد) ەکەی ناو رۆژنامە رزیوەکەی یەکگرتووی ئیسلامیم کە ئێستا پەشیمانم لە هەموو نوسینێکم لەو رۆژنامەیەدا، . کاروان ئەکرەم لەنوسینەکەیدا بەجۆرێك سەری لێتێکچووە جارێك دەڵێت من و کاك مەریوان نەقشبەندی یەك کەسین، کەچی لەشوێنێکی تردا دەڵێت ئەوەی من تەعبیرم لێکردوە رەئی کاك مەریوان نیە، و کەمێکیش بەشان و باڵی کاك مەریواندا هەڵیداوە کە لەوانەیە لەهەموو نوسینەکەیدا تەنها ئەو پیاهەڵدانەی راستی و مەنتیقی تێدا بێت. لەگەڵ ئەوەشدا من شانازی بەوە دەکەم ئەگەر ئاستی نوسینەکانی من گەیشتبێتە ئاستی نوسینەکانی کاك مەریوان نەقشبەندی. لەکۆتایشدا ئەگەر (کاروان ئەکرەم) نوسین و ناوی خۆی بێت ئەوا داواکارم واز لە سوکایەتی و کەمکردنەوەی ئاست و توانای ئافرەتان بێنێت چونکە ئەگەرچی روخسارم جوان نیە بەڵام ئامادەم لەمەودوا لەگەڵ نوسینەکانمدا وێنەو ناونیشان و ژمارە تەلەفونەکەشم بڵاو بکەمەوە، بەڵام وەکو ئافرەتێکی کورد تەحەدای تۆ و هەموو نووسەرە هاوشێوەکانت دەکەم ئەگەر بوێرن ناو و وێنەی راستەقینەی خۆتان بخەنە سەر هیچ رۆژنامەو سایتێکی ئەنتەرنێت. .